# لەخێزانێكدا، چوار منداڵ داوای كۆمەك و هاوكاری دەكەن
# كێ دەچێت بە هانایانەوە؟

**سامان كەریم - كفری**

(ئەژین، شەوبۆ، محەمەد و سایە) سێ خوشك و برایەكن خەڵكی شاری كفرین. ئەم چوار منداڵە تووشی نەخۆشی (قرنیة مخروطة) هاتوون، كەنەخۆشییەكی ترسناكی چاوە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشكی لەشارەكانی بەغداو كەركوك و سلێمانی و تاران، پێویستە ئەو منداڵانە نەشتەرگەری بكرێن و چاوی تریان بۆ لەجێگە دابنرێت، ئەگەر نا، ئەوا نەخۆشییەكەیان ترسناكەو دەبێتە هۆی كوێریی و لەدەستدانی چاویان..

ئاشتی باقی، كە باوكی ئەو چوار منداڵەیە چەند ساڵێكە زۆربەی دكتۆری شارەكانی عێراق گەڕاوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری چاوی منداڵەكانی، بەڵام نەگەیشتووەتە چارە، تا دواجار پێی دەڵێن، كە چارەی ئەو نەخۆشییە تەنها لەدەرەوەی وڵاتە و لەتارانی پایتەختی ئێرانیش دەتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. ئەم باوكە خۆی دەگەیەنێتە تاران، لەوێ بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشكی دەتوانرێت چارەی چاوی منداڵەكانی لەو نەخۆشییە بكات، بەڵام بە پارەیەكی زۆر، كە لەتوانای ئەم خێزانەدا نییە. هەر تەنها چاوێكی یەك كەس لەو منداڵانە بە بڕی (٢,٥)ملیۆن دیناری عێراقی چارەسەر دەكرێت، جگە لە خەرجی داودەرمان و نەخۆشخانەو تێچوونی كرێی هاتوچۆو مانەوە.

كۆتایی مانگی تشرینی یەكەمی ئەمساڵ ئەو كاتەیە، كە دكتۆرەكانی تاران بۆ نەشتەرگەریی چارەسەری چاوی ئەو منداڵانەیان داناوە، بەڵام بەهۆی كەمدەرامەتی و دەستكورتییەوە، باوكی ئەو منداڵانە ناتوانێت بیانگەیەنێتە چارەسەركردن. بۆیە لەم ڕێگایەوە ڕووی دەممان لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕێكخراوە خێرخوازەكان، ڕێكخراوەكانی منداڵانی كوردستان و هەموو دڵسۆزێك و كەسێكی مرۆڤدۆست دەكەین، بتوانێت بچێتە هانای ئەو خێزانەوەو چوار منداڵی كورد، چوار پەپولەی بێدەرەتانی كورد لە كوێربوون ڕزگار بكات.. هاوكاری و كۆمەكتان، دڵسۆزی و خەمخۆریتانە بۆ ژیانی خێزانێك و بەخشینی ڕووناكیی ژیانە بە چوار منداڵی كورد.

هەركەسێك ویستی هاوكاری هەیە، دەتوانێت پەیوەندی بەم ناونیشانەوە بكات:

-ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٧٠١٤٦٥٣٥١

-یاخود ئەم ئیمێلە: kifrikurd@yahoo.com